لە ڕۆژی فەتحی مەککەدا پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- عەمامەیەکی ڕەشی لەسەردا بوو

لە جابرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «لە ڕۆژی فەتحی مەککەدا پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- عەمامەیەکی (مێزەرێکی) ڕەشی لەسەردا بوو». ولە ئەبی سەعید عەمروی کوڕی حورەیس -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «وەکو ئەوە وایە ئێستا سەیری پێغەمبەری خودا بکەم -صلى الله عليه وسلم- عەمامەیەکی ڕەشی لەسەردایە، وکۆتاییەکانی (عەمامەکە) لە نێو شانەکانیدایە». ولە گێڕانەوەیەکدا: «پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- وتاری بۆ خەڵکی دەدا وعەمامەیەکی ڕەشی لەسەردا بوو».

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە بە گێڕانەوەی خۆی]

لەم فەرموودەیەدا جابر -ڕەزای خوای لێبێت- باسی ئەوە دەکات کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە سااڵی فەتح وڕزگارکردنی مەککەدا هاتە نێو مەککەوە وعەمامەیەکی (مێزەرێکی) ڕەشی لەسەردا بوو، وئەمیش بەڵگەیە بۆ دروستێتی لەسەر کردنی عەمامەی ڕەش، ولە گێڕانەوەیەکی تردا: وتاری دا وعەمامەیەکی ڕەشی لەسەردا بوو، هەرچەندە عەمامەی سپی باشترە هەروەکو لە فەرموودەیەکی تردا هاتووە کە -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: (خيرُ ثيابِكمُ البياضُ فالبَسوها وَكفِّنوا فيها موتاكُم) [رواه ابن ماجه] واتە: (خێرترین وباشترین پۆشاکتان پۆشاکی سپیە، بیپۆشن، وبا کفنی مردووەکانتان سپی بێت)، پۆشینی عەمامەی ڕەش لەم فەرموودەیەدا بۆ ڕوونکردنەوەی دروستێتی پۆشینی ئەم جۆرە ڕەنگەیە. بەاڵم گێڕانەوەی عەمروی کوڕی حورەیس -ڕەزای خوای لێبێت- کە دەڵێت: (وەکو ئەوە وایە ئێستا سەیری پێغەمبەری خودا بکەم -صلى الله عليه وسلم- عەمامەیەکی ڕەشی لەسەردایە، وکۆتاییەکانی -عەمامەکە- لە نێو شانەکانیدایە)؛ ئەمە بەڵگەیە بۆ دروستێتی لەسەر کردنی عەمامەی ڕەش وهەروەها دروستە کۆتاییەکانی عەمامەکە درێژ بکرێتەوە -شۆڕ بکرێتەوە- بۆ نێو شانەکان.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/4222

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee